Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036

# دۆزی کورد لە عێراق و پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی لە ساڵی 2017 (لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای مێژویی سیاسی هەرێمی کوردستان – عێراق)

ساسان حکمت علی[1] - سلێمان عبدالله إسماعیل[2]

[1+2]بەشی جوگرافیا, کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

یەکێک لە مافە ڕێپێدراوەکانی گەلان، مافی چارەی خۆنوسینە، بەتایبەتی ئەو گەلانەی توشی چەوسانەوە هاتون و بە دەست پەراوێزخستنەوە دەناڵێنن، بەهەمو جۆرەکانیەوە وەک پەراوێزخستنی سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیری و ئاینی و مێژوی، لەسەر خاکی خۆی. یەکێک لە ئامرازەکانی بەجێگەیاندنی ئەم مافە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمە، لە چوارچێوەی ئارەزوی هەر گەلێک بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆی و سەلماندنی بونی خۆی وەک مافێکی مرۆیی کە بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت سەودا یاخود دەستی لێهەڵبگیرێت. لەم ڕوانگەوە گەلی کورد پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی توشی پەراوێزخستن و چەوسانەوەی زۆر هات لەسەر دەستی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق، هەر بۆیە هەوڵی زۆری دا تاکو سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، بەڵام هەمو هەوڵەکانی بێئەنجام بو، ئەمەش لەژێر کاریگەریی باروودۆخە جیۆپۆلیتیکیەکانی ناوچەکە و ململانێکان لەسەر ناوچەی قەڵەمڕەویی و کۆنترۆڵکردنی دەرامەتە سروشتییەکان لە ناوچەکەدا کە تاکو ئێستا بەردەوامە.

**کلیلە وشەکان:** دۆزی کورد، جیۆپۆلیتیک، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم، ڕیفراندۆم.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1
**Received:** 21-April-2022
**Accepted:** 24-July-2022
**Published:** 29-March-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
arminsasan@gmail.com
sulaiman.ismail@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2022 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

لە جەنگی جیهانی یەکەم و بەپێی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆ لە ساڵی (١٩١٦) ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرە بەر بەریتانییەکان کەوت و ویلایەتی موسڵیش لەژێر چاودێری فەرەنسا بو، واتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ویلایەتی موسڵ هیچ پەیوەندی بە عێراقەوە نەبو، بە بەڵگەی ئەوەی لەم ڕێککەوتننامەیە کە ناوچەکە دابەشکرا ویلایەتی موسڵ لەگەڵ دو ویلایەتەکەی دیکە دانەنرابو، بەڵام لە دوای تەواوبونی جەنگی جیهانی یەکەم بەریتانییەکان لەبەر بەرژەوەندی خۆیان، بە باشیان زانی ویلایەتی موسڵ ببێتە بەشێک لە عێراق، هەر بۆیە هەوڵی ڕازیکردنی فەرەنسایاندا، لە بەرامبەردا بەشێک لە نەوتی کەرکوک درایە فەرەنسا، لەگەڵ چەند ناوچەیەکی دیکە لەوانە ڕۆژئاوای کوردستان. دوای ئەو لکاندنە بەزۆرە، کوردیش وەکو نەتەوەکانی دیکە لە هەوڵی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دابو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تاکو ئێستا لەسەر ئاستی جیهان گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە.

**گرنگی توێژینەوە:** خستنەڕوی دۆزی کوردە لە هەرێمی کوردستان لەو کاتەوەی کەوا لکێنراوە بە دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئەنجامدانی ڕیفراندۆم.

**ئامانجی توێژینەوە:** لەڕوی مێژویی و سیاسییەوە بە لەپێش چاوگرتنی بنەما و فاکتەرە جوگرافییەکان و دۆخی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی کوردستان شیکردنەوە بۆ ئەو ماوە مێژوییە بکەین و ئەو هۆکار و ئەنجامانە بخەینەڕو بۆچی گەلی کورد سەرکەوتو نەبوە لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

**ڕێبازی توێژینەوە:** پشت بەمیتۆدی مێژویی و وەسفی دەبەستین چونکە دەگەڕێینەوە بۆ ڕوداوەکانی مێژو کە پێویستە بۆ ئەوەی لە واقیع تێبگەین.

**گریمانەی توێژینەوە:** ئایا کەمینەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە نەبونی سەقامگیریی دەوڵەتی نەتەوەیی بەکەمینەی کوردیشەوە لە دەوڵەتی عێراقدا.

**پلانی توێژینەوە:** لەسەر بنەمای ئامانجەکەمان پلانی توێژینەوەکەمان دابەشکردوە بۆ دو باسی سەرەکی، باسی یەکەم تایبەت کراوە بۆ سەرهەڵدان و گەشەکردنی دۆزی کورد لە عێراق و باسی دوەمیش بریتییە لە پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. لەگەڵ خستەڕوی چەندین ئەنجام و ڕاسپاردە.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

## باسی یەکەم: سەرهەڵدان و گەشەکردنی دۆزی کورد لە عێراق

### قۆناغی یەکەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٣٢-١٩١٨)

دوای دۆزینەوەی نەوت ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشمەکێش و کێبڕکێی بەهێزی لەنێو گشت دەوڵەتە زلهێزەکانی جیهان بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و ڕوسیا بەخۆیەوە بینیوە، ویلایەتی موسڵیش بەشێکی دەوڵەمەند و گرنگی ئەم ناوچە ستراتیجییە بوە، هەروەها شوێنێکی تایبەتی لەنێو پلانڕێژی ئەو دەوڵەتانە لە ماوەی جەنگی جیهانی یەکەم و پێش جەنگەکەش هەبو. ئەو دەوڵەتانە هەوڵی ئەوەیان دەدا زۆرینەی خاکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی خۆیان دا بێت.( hilterman , 2012:p.17)

جیۆپۆڵیتیکی ئەو پەیوەندیانەشی لە نێوان دەوڵەتان هەیە لەسەر بنەمای هاوسەنگی هێزە، بەو واتایەی هێزی هەر دەوڵەتێک پێوەرە بۆ جۆری ئەو پەیوەندییە باو و هاوپەیمانیتیکردنەی لە نێوان دەوڵەتان هەیە. هەر لەسەر بنەمای هێز، بەریتانیا و فەرەنسا لە جەنگی جیهانی یەکەم هەژمونی خۆیان بەکارهێنا لە سەپاندنی ڕێککەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی (١٩١٦). ئەم ڕێککەوتننامەیە لەگەڵ ئەوەی سنوری نوێی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کێشایەوە و قەوارەی سیاسی نوێ دەرکەوتن، بەڵام زیانێکی زۆری بە بزوتنەوەی نیشتمانی کورد و پارچەپارچەبونی کوردستانی عوسمانی و لکاندنی بەسێ دەوڵەتی نوێوە هەبو.(خورشید و طالب، 2019:ص٧)

لەنێوان ساڵانی (١٩١٨-١٩١٤) کوردستان لە دۆخێکی خراپی ئابوری و سیاسیدا بو. Natali ,2010:p. (1) ، دوای ساڵی (١٩١٨) پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنوس لە خاکی ئەوروپا جێبەجێ کرا، بەڵام لە زەوییەکانی عوسمانی سیاسەتی دەوڵەتانی زلهێز بریتیبو لە کێشانی سنوری کیاناتی نوێ لە جیاتی جێبەجێکردنی پرەنسیپی مافی بڕیاردانی چارەنوس.(kaya , 2012:p.130)، واژوکردنی (هودنەی مودروس) لە (١٩١٨/١٠/٣٠) لە نێوان هاوپەیمانان و دەوڵەتی عوسمانی وایکرد بەریتانیا دەست بەسەر ویلایەتەکانی بەغدا و بەسرەدا بگرێت (Alan, 2014,p13). دوای سێ ڕۆژیش لە هودنەکە شاری موسڵ و زۆرینەی ویلایەتی موسڵ کەوتنە ژێر دەستی ئینگلیزەکان.( Sluglett and Sluglett , 2001: p.9 ).

پێش ئەوەی دەوڵەتی عێراقیش لە ساڵی (١٩٢١) دابهێنرێت. ئینگلیزەکان دانیان بەو حکومەتە لە سلێمانی دانابو کە شێخ مەحمود لە ساڵی (١٩١٩) دایمەزراندبو. کەچی دوای دو ساڵ لە دامەزراندنی ئەو حکومەتە کۆتاییان پێهێنا. ئەویش لەبەرئەوەی دانپێدانان بە شێخ مەحمود لەلایەن ئینگلیزەکانەوە وەکو حاکمی سلیمانی سیاسەتێکی جێگیریان نەبو، بەڵکو وەکو تەکتیکی کاتی بو لە ژێر گوشاری ئەو بارودۆخە سیاسی و سەربازییەی ئەو ماوەیە تێدا بون.(بارزانی، ١٩٩٧:ص٢٧)، ڕاپرسی ساڵی (١٩٢١)یش بۆ چونە سەر تەختی فەیسەڵی پاشای عێراق لە سلێمانی بایکۆت کرا.(حسین، ١٩٥٥: ص١٥) ئینگلیزەکان پێیان وابو دەسەڵاتی شێخ مەحمود ئایندەی ئاشتی لە وڵاتدا دەخاتە بەردەم مەترسی، لەبەرئەوەی شێخ بەو مافانە ڕازی نییە لە سلێمانی پێیدراوە بەڵکو دەیەوێت دەسەڵاتی بەسەر هەولێر و ئەو بەشانەی دیکەی ویلایەتی موسڵدا هەبێت کە کوردی تێدا نیشتەجێیە.(لازاریف، ٢٠١٣:ص١١١)، (نەخشەی 1).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

نەخشەی (1)

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان (١٩١٩-١٩١٨)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٥-١٩١٤)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٠، ل ١٤.

واتە ئینگلیزەکان بە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی ڕازی نەبون بەڵکو ئەم بابەتەیان گرێدا بو بە بەرژەوەندییە ئابوری و سیاسی و جیۆستراتیجییەکانیان.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەین:

١- ڕاستە ئینگلیزەکان دانیان بە ولاتێکدا نا بە ناوی کوردستان بەڵام سنوری جوگرافیایی ئەم ولاتە دیارینەکرابو.

٢- دەسەڵاتی حکومەتی کوردستان لە سلێمانی و ناوچەکانی دەوروبەری مایەوە و نەدەگەیشتە هەولێر و بادینان و کەرکوک.

لە خشتەی (١) بۆمان دەردەکەوێت ڕوبەری ئەو ناوچانەی لە ژێر قەلەمڕەوی حکومەتی کوردستاندا بو (14647)کم٢ بو کە نزیکەی (١٧،٩%)ی کۆی ڕوبەری ویلایەتی موسڵی لەخۆگرتبو، هەروەها ڕوبەری ئەو ناوچانەشی بەناو سەر بە قەلەمڕەوی حکومەتی کوردستان بو (9668)کم٢ بوە کە نزیکەی (١١،٨%)ی کۆی ڕوبەری ویلایەتەکەی لەخۆگرتوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە حکومەتەکەی شێخ تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا حوکمڕانی کردوە. ساڵی (١٩٢٠) هاوپەیمانان پەیماننامەی سیڤەریان بەسەر دەوڵەتی عوسمانی سەپاند لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

## خشتەی (١)

### ڕووبەری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیدارەی حکومەتی کوردستان و دەرەوەی و ویلایەتی موسڵ

| ویلایەتی موسڵ | قەڵەمڕەوی کوردستان | | ئەو ناوچانەی بە ناو لە ژێر دەسەڵاتی قەڵەمڕەوی کوردستان بون | |
|---|---|---|---|---|
| ڕووبەر | ڕووبەر | %ڕووبەرەکەی لە کۆی ویلایەت | ڕووبەر | % ڕووبەرەکەی لە کۆی ویلایەت |
| 81752.5 | 14647.5 | 17.9 | 9668.1 | 11.8 |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە نەخشەی (١).

دەقی برگەی (٦٤)دا هاتوە (لە کاتێکدا ئەگەر گەلانی کوردی نیشتەجێی ئەو ناوچانەی بەپێی برگەی (٦٢) دیاریکراون لە ماوەی یەک ساڵ لە مێژوی جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەوە قسە لەگەڵ ئەنجومەنی کۆمەڵەی گەلان بکەن بەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە خوازیاری سەربەخۆبونن لە عوسمانی و لە کاتێکدا ئەگەر ئەنجومەنەکە پێیوابێت ئەو گەلانە ئامادەن بۆ ئەو جۆرە سەربەخۆبونە ڕابسپێرێت سەربەخۆیان پێبدرێت، عوسمانی ڕازی دەبێت بەجێبەجێکردنی ئەم ڕاسپاردەیە لەگەڵ دەستبەرداربونی لە هەمو مافێکی خاوەنداری پەیوەندیدار بەو ناوچانەوە. هەمان پەیماننامە بەشە کوردییەکانی میسۆپۆتامیای بۆ بەریتانیا تەرخانکردبو، لەگەڵ ڕێگەدان بە گەلەکەی بچنە پاڵ کوردستان لە کاتی پێکهاتنیدا. هیچ کام لە هێزە هاوپەیمانە سەرەکییەکان بەرهەڵستی ئەوە ناکەن ئەو کوردانەی لەو بەشەی کوردستاندا نیشتەجێن کە تا ئێستا خراوەتە سەر ویلایەتی موسڵ، ئارەزومەندانە تێکەڵ بەو جۆرە دەوڵەتە کوردییە ببن. (گالبێرس، ٢٠٠٨:ص ٢٢٨) بەیاننامەی بەریتانی – عێراقیش لە (١٩٢٢/٢/٢٤) دەرچو، تێدا هاتبو (هەردو حکومەتی عێراقی و بەریتانی دان بە مافەکانی کورد دەنێن لە چوارچێوەی سنوری عێراقدا و بە دامەزراندنی حکومەتێ لەو چوارچێوەیە و هەروەها کورد نوێنەر و بەرپرسانی خۆیان بنێرنە بەغدا (لەو کاتانە دا شێخ مەحمود بو) بە مەبەستی وتووێژ کردن لەگەڵ هەر دو حکومەت (خیرە، ٢٠٠٥:ص١٠٦) دواتر دەوڵەتە هاوپەیمانەکان بەهۆی سەرکەوتنەکانی بزوتنەوەی کەمالییەکانەوە جارێکی دیکە لەگەڵ تورکەکان بۆ دانانی پەیمانێکی نوێ دانیشتن. بۆیە هاوپەیمانان خواستەکانی کوردیان پشتگوێخست، بەو جۆرە پەیمانی نوێی لۆزان لە (١٩٢٣/٧/٢٤) هاتە گۆڕێ و جێی پەیمانی سیڤەری گرتەوە. پەیمانی لۆزانیش هیچ ئاماژەیەکی بۆ ئاوات و داخوازییەکانی کوردی تێدا نەبو.(خەسباک، ٢٠٠٥:ص٣٦-٣٧)، هەروەها دوارۆژی ویلایەتی موسڵ نەخرایە نێو چوارچێوەی ئەم پەیماننامەیە بەڵکو بۆ دانوستاندنی داهاتوی نێوان تورکیا و بەریتانیای مەزن هەڵگیرا بەو سیفەتە دەوڵەتی خاوەن ئینتدابە بەسەر عێراقدا.(ئیدموندز،


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٢٠١٨:ص ٨)، لە کۆتاییدا پەیماننامەی لۆزانی ساڵی (١٩٢٣) پەیماننامەی سیڤەری هەڵوەشاندەوە و پرۆژەی دەوڵەتی کوردی پێشنیارکراو بونی نەما.(محمود، ٢٠١٦:١٣٩)، واتە لۆزان جوگرافیای سیاسی کوردستانی پارچەپارچە کرد و دابەشیکردە سەر هەر سێ دەوڵەتی (تورکیا، عێراق، سوریا). نەوتیش پاڵنەرێکی بەهێز بو لە پشت خێراکردن لە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە بەغدا و بەسرە. بۆیە موسڵ ڕۆڵێکی زیندوی هەبو لە داهێنانی عێراق.(Nuri , 2018:33 )، لە (١٩٢٥/١٢/١٦) کۆمەڵەی گەلان بڕیاریدا موسڵ بۆ عێراقە و بەشێوەیەکی کاتی لە ژێر سێبەری ئینتدابی بەریتانیدا دەبێت.(Sabbah and Berg , 2016:273 )

لە خوێندنەوەمان بۆ ئەوەی باسمان کرد دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١-پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) و دواتر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتە لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٥) لەلایەن بەریتانیاوە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ئامانج لێی گۆڕانکاری جیۆسیاسی بو بۆ مسۆگەر کردنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئینگلیزەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی.

٢- ئەو ڕاپرسییەی لە ساڵی (١٩٢١) لە ویلایەتی موسڵ بۆ چونە سەر تەختی فەیسەڵی پاشای عێراق کرا کورد لە کەرکوک دژی وەستانەوە، هەروەها خەڵکی سلێمانی بەشداریان تێدا نەکرد، بەڵام موسڵ و هەولێر لەگەڵی بون.

٣- لکاندنی ویلایەتی موسڵیش بەعێراقەوە لەلایەک پێویستییەکی ئابوری بو چونکە هۆکارێکی سەرەکی بو بۆ لەسەر پێ وەستانی ئەم دەوڵەتە. لەلایەکی تریش پەیوەندی بە هاوسەنگی تائیفییەوە هەبو لە عێراقدا. هەروەها بە مەبەستی پارێزگاریکردن بو لە مەملەکەتی عێراق لە بەرامبەر تورکیا و ئێران.

٤- بزوتنەوەی شێخ مەحمود زیاتر بۆ جیابونەوە و دروستکردنی دەوڵەت بوە هەر لەسەرەتاکانی دروستبونی دەوڵەتی عێراقی، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئینگلیز لە هەوڵی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بو بەعێراقەوە. پشتگیری کردنی حکومەتەکەی شێخ مەحمودیش جۆرە پلانێک بوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی بەرەکانی جەنگیان لە عێراق و هەروەها بەکارهێنانی کورد بوە وەک کارتێک بۆ ڕوبەڕوبونەوەی عوسمانییەکان.

٥- دوای شکستهێنانی شێخ مەحمود و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، هەمو بزوتنەوە سیاسی و سەربازییەکانی کورد بە ئامانجی بەدەستهێنانی مافە سەرەتاییەکانی کورد بوە لەچوارچێوەی مەملەکەتی عێراق و تەنانەت خەباتی پەرلەمانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا کاری کردوە.

٦- پەیماننامەی سیڤەر بە یەکەم پەیماننامەی نێودەوڵەتی دادەنرێت دانی بە بونی گەلی کورد و مافی ڕەوای لە بڕیاردانی چارەنوسی خۆیدا ناوە، هەروەها دانپێدانانێکی یاسایی نێودەوڵەتیش بوە بە گەلی کورد و مافەکانی لە کاتی خۆیدا. ئەمە جگەلەوەی یەکێکە لەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتیانەی ڕەهەندێکی سیاسی بە کێشەی کورد داوە.

٧- لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە گۆڕانکاری گەورە بو لە جوگرافیای مەملەکەتی عێراقی تازە دامەزراو کە هۆکارە سەرەکیەکەی زیادکردنی ڕێژەی موسڵمانی سونە بو بۆ عێراق. هەروەها لەڕوی ڕوبەرەوە (18.6%)ی ڕوبەری ئەو دەوڵەتە زیادیکرد و لەڕوی دانیشتوانیشەوە ئەم ناوچەیە تێکەڵەیەکی ئەتنۆگرافی هەیە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

کە لە باقی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا بونی نەبو و لەڕوی تۆبۆگرافیاشەوە سروشتێکی چیایی هەیە کە جیاوازە لە ناوچەکانی دیکە و هەروەها دەوڵەمەندە بە دەرامەتە سروشتییەکانیش. (أسكندر، ٢٠٠٧, ل٣١٠).

## قۆناغی دوەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٤٥-١٩٣٢)

لە ساڵانی سییەکانەوە ناوچەی بارزان بو بە بنکەی سەرەکی بزوتنەوەکانی کورد لە پێناو مافە نەتەوەییەکان، مەلا مستەفای بارزانیش سەرپەرشتی شۆڕشەکانی بارزانی دەکرد لەو ماوەیەدا و ئەم شۆڕشانە ڕاستە زو پەرەیسەند، بەڵام لە بەرەنگاربونەوەی لەشکری عێراق و ئینگلیز دا شکستی هێنا و ساڵی (١٩٤٥) بارزانی و هاوەڵەکانی ناچارکران ڕو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. هەر بۆیە لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێک بکەین:

١- بزوتنەوەی بارزان (١٩٤٥-١٩٣٢) شۆڕشێکی چەکداری، بۆ چەسپاندنی مافەکانی کورد بوە لە چوارچێوەی عێراقدا.

٢- ناوچە و بزوتنەوەی بارزان بەهۆی هەڵوێستە نیشتمانییە جێگیرەکانی وایکرد حکومەتی پاشایەتی عێراق و ئینگلیز بە مەترسی بزانن و هەوڵی ڕوبەڕوبونەوە و سەرکوتکردنی بدەن.

٣- لە گرنگترین داواکارییەکانی ئەم بزوتنەوەیە بریتیبوە لە دامەزراندنی دەسەڵاتێکی کوردی سەربەخۆ کە ئەم ناوچانە لەخۆبگرێت (کەرکوک، هەولێر، سلێمانی، خانەقین، دهۆک). (ڕۆستەم، ٢٠١٧.ل٦١)

٤- سیاسەتی سوتماککردن و بە عەرەبکردنی کوردستان لەم ماوەیەدا دەستیپێکرد. ئەویش بە دروستکردنی پرۆژەی ئاودێری حەویجە لە ساڵی (١٩٣٦) و هاندان و نیشتەجێکردنی (٢٠) هەزار لە هۆزە عەرەبەکان لە ناوچەکە.

٥- پەیماننامەی سەعد ئاباد لە (١٩٣٧/٦/٨) لە نێوان دەوڵەتانی (تورکیا، عێراق، ئێران، ئەفغانستان) واژوکرا کە ڕێگری لە چالاکی هەر ڕێکخراو و کۆمەڵەیەک کردبو کە ئامانجی تێکدانی سیستەمی ئەو وڵاتانە بێت کە مەبەستیان بزوتنەوەی کورد بو(ڕۆستەم، ٢٠١٧.ل٥٤-٥٩)

## قۆناغی سێیەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٥٨-١٩٤٥):

لەم ماوەیەدا کپبونێک لە بەرەوپێشچونی دۆزی کورد دا تێبینیدەکرێت، چونکە شۆڕشی بارزان کۆتاییپێهاتبو و مەلا مستەفا و هاوەڵەکانی دوای هەرەسهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لە ساڵی (١٩٤٧) پەنایان بۆ یەکێتی سۆڤییەت بردبو. سەبارەت بە دۆزی کورد لەم ماوەیەدا دەکرێ ئاماژە بەم لایەنانەی خوارەوە بکەین:

١-پێش دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی (١٩٤٦) چەندین پارت و ڕێکخراوێکی کوردستان دامەزراون و لە گۆڕەپانەکە دا چالاکییان هەبوە، وەکو حزبی هیوا و ڕزگاریی و ڕێکخراوی (ژ-ک) و لقی حزبی شیوعی لە کوردستان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٢- ساڵی (١٩٥٥) پەیمانی بەغدا لە نێوان عێراق و تورکیا مۆرکرا، دواتر هەر یەک لە ئێران و پاکستان و بەریتانیا هاتنە ناوی، ئەمریکاش وەکو ئەندامی چاودێر وەرگیرا، لە بەندی (١)ی پەیماننامەکەدا ئاماژە بەوە کرابو کە دەوڵەتەکان لە دژی هەر دەستدرێژی و کاری تێکدەرانە بەرگریی لە خۆیان دەکەن، ئەم بەندە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستی دژایەتیکردنی کورد بوە.(هادی, ٢٠٠٨، ص٧٧)

## قۆناغی چوارەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (١٩٧٥-١٩٥٨):

ڕوخانی سیستەمی پاشایەتی لە عێراق لە (١٤)ی تەموزی ساڵی (١٩٥٨)و هاتنەکایەی سیستەمی کۆماری، دەستوری کاتی دانراو دانی بە کورد دانابو وەک هاوبەشی عەرەب لە عێراقدا ئەمەش سەنگی جیۆپۆلیتیکی کوردی لە عێراق دا قورستر کرد، هەروەها خاڵی وەرچەرخان بو لە پەرەسەندن و بەرەوپێشچونی دۆزی کورد لە عیراق و ناوچەکە. ئەم قۆناغە بە گرنگترین قۆناغەکانی دۆزی کورد دادەنرێت ئەویش لەبەرئەوەی:

١-دانیشتوانی هەرێم بە گشتی و خەڵکی شارەکانی سلێمانی و کەرکوک و هەولێر و کۆیە و زاخۆ بەتایبەتی و پارتی دیموکراتی کوردستانیش لەگەڵ کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسمدا بون و لایەنگیرییان کرد.

٢-لە ئەیلولی ساڵی (١٩٦١) دوای خۆدزینەوەی حکومەت لە جێبەجێکردنی ئەو مافانەی لە دەستوردا چەسپا بو، جەنگی کورد لە دژی حکومەتی عێراقی دەستپێکرد. شۆڕشی ئەیلولیش شۆڕشی تەواوی گەلی کورد بو دژی بەغدا و شۆڕشێکی سەرتاسەری بو بەپێچەوانەی بزوتنەوە و شۆڕشەکانی پێش خۆی.

٣-ئێران و عێراق چەندین کێشەیان لە نێواندا بو وەکو کێشەی سنوری ئاویی نێوانیان و سنوری وشکانی و مەزهەب و نەتەوایەتی وەک کورد و گۆڕانی سیستەمی حوکم لە عێراق لە پاشایەتیەوە بۆ کۆماری ئەمانە هەمو کاریگەرییان هەبو لەسەر گرژی پەیوەندییەکانیان و کورد.

٤- پاش کودەتای ساڵی (١٩٦٣) و هاتنە سەر دەسەڵاتی عەبدولسەلام عارف، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و بارزانی دامەزرا.

٥-حکومەتی بەعس بەناچاری لە کۆتایی ساڵی (١٩٦٩) پەنای بردەبەر دانوستان، واتە دوای هەشت ساڵ لەڕوبەڕونەوەی چەکدارانە و پاش دەستپێکردنی دانوستان و هاتوچۆی چەند هەفتەیەک ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) هاتە ئاراوە.( Bryan, 2015,190,191.)

٦- حکومەتی عێراق خۆی یەکلاکردبویەوە و پاڵی بە بەرەی خۆرهەڵات (سۆڤییەت)ەوە دابو لە هەمان کاتدا سەرکردایەتی کوردیش چو بوە پاڵ بەرەی خۆرئاوا (ئەمریکا و ئیسرائیل). واتە ئەمە بەشێک بوە لە ستراتیجی شەڕی سارد.

٧- لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧١) نزیکەی (٧٠) هەزار لە کوردانی فەیلی بەرەو سنورەکانی ئێران ئاودیوکران. واتە لەگەڵ ئەوەی ڕێککەوتننامەی یانزەی ئادار لە نێوان حکومەتی عێراق و سەرکردایەتی کورد دا هەبو بەڵام حکومەتی عێراق بەردەوام بون لەسەر سیاسەتی قەڵاچۆکردنی کورد بەتایبەتی لە ناوچە نەوتی و ستراتیجییەکانی هەرێمی کوردستان.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٨- گرنگی پێدانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە کێشەی کورد سروشتێکی فەڕمی لەلایەن دامەزراوەکانی بڕیاردان وەرنەگرتبو بە بەراورد بەو گرنگییەی بە ناوچەکەیان دەدا. لەم بارەیەوە هێنری کیسنجەر لە یاداشتەکانیدا بەناوی سالانی کۆشکی سپی نوسیویەتی (کۆمەکیکردنی بارزانی سیاسەت یاخود دەستپێشخەرییەکی ئەمریکی نەبو، بەڵکو ئامانج لێی ڕازیکردنی هاوپەیمانی هەرێمی بو، کە هەستی بە مەترسی دەکرد لەلایەن ڕژێمی عێراقی شوێنکەتوی سۆڤییەتەوە). ( Peter, 1997, p122)

٩- پاڵپشتی ئەمریکییەکان بۆ کورد لە باوەڕیانەوە نەبوە بە ڕەوایەتی کێشەی کورد، بەڵکو بابەتەکە پەیوەندی بە گۆڕانی سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق بو کە لەگەڵ بەرژەوەندی زلهێزەکان بەتایبەتی ویلایەتە یەکگرتوەکان یەکی نەدەگرتەوە. هەروەها مەبەستیان لاوازکردنی حکومەتی عێراق و گوشار خستنەسەری بو بۆ ئەوەی لە هاوپەیمانێتی سۆڤییەت بکشێتەوە، ئەمەش بە ئاشکرا دەرکەوت کاتێک عێراق ڕێککەوتننامەی جەزائیری لەگەڵ ئێران واژوکرد و نیوەی شەتولعەرەبی بەجێهێشت بۆ ئێران لە پێناو پاڵپشتینەکردنی ئێران و ئەمریکا لە بزوتنەوەی کورد.

١٠-ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی عێراقی کە حزبی بەعس ڕابەرایەتی دەکرد لە (١٩٧٤/٣/١١) یاسای ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ژمارە (٣٣)ی پەسەندکرد. لە ماددەی یەکەم بڕگەی (ب) دەڵێت (ناوچەکە بەو جۆرە دیاری دەکرێ کە زۆربەی دانیشتوانی کورد بن و سەرژمێری گشتی سنوری ناوچەکە دیاریدەکات بەگوێرەی بەیاننامەی (١١)ی ئادار و قەیدی سەرژمێریی گشتی ساڵی (١٩٥٧) بە بناغە دادەنرێ بۆ دیاریکردنی سروشتی نەتەوایەتی زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەو شوێنانە کە سەرژمێری گشتی یان تێدا دەکرێ). (الوقائع العراقية، ١٩٧٤:ص٣) دەکرێ بڵێین لەگەڵ ئەوەی یاساکە ڕونە کەوا سەرژمێری سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی دیاریدەکات و سەرژمێری ساڵی (١٩٥٧)ی کردوەتە بنەما بەڵام ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان تەنها پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک)ی دەگرتەوە. هەروەها لە بڕگەی (ج) هەمان ماددە دەڵێت: (ناوچەکە بە یەکەیەکی بەڕێوەبردن دادەنرێ کە خاوەن کەسایەتیەکی مەعنەویە و لە چوارچێوەی یەکێتی یاسا و سیاسەت و ئابوری کۆماری عێراقدا ئۆتۆنۆمی هەیە). واتە لەم بڕگەیەدا ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان دانپێدانراوە وەکو ناوچەیەکی جیاواز لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراق. ڕوبەری ئەم ناوچانەش (42196)کم٢ دەگرتەوە کە (٤٩،٤%)ی ڕوبەری هەرێمی کوردستانی لەخۆدەگرت، هەروەها (٥١،٦%)ی ڕوبەری ویلایەتی موسڵ و (٩،٦%)ی ڕوبەری عێراقی لە خۆ دەگرت. (نەخشەی٢) لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بکەین لە ساڵی (١٩٧٥) پاڵپشتییەکانی ئێران بۆ کورد کۆتاییپێهات و ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە (١٩٧٥/٣/٦) لە نێوان هەر دو وڵات واژوکرا و کێشانی هێڵی تالوگ یاخود ناوەڕاستی ئاویی شیاوی کەشتیوانی لە نێوانیان دانرا. ڕاستە لە ڕێککەوتننامەکەدا عێراق تەنازولی زۆری کرد بەڵام هۆکار بو بۆ بەهێزبونەوە و فراوانبونی هێزە ئابوری و سەربازییەکەی. ڕێککەوتننامەی جەزائیریش بە مەبەستی نەهێشتنی کێشە سنورییەکانی نێوان عێراق و ئێران و دەستوەرنەدان بو لە کاروباری ناوخۆی یەکتر. شای ئێران هێزی سەربازی و دەرامەتی نەوت و پاڵپشتی ویلایەتەیەکگرتوەکانی بۆ هەژمونی لەسەر وڵاتانی کەنداو بەکارهێنا بۆ تەنازول پێکردنی عێراق و لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا ئێران جگەلەوەی دەستکەوتی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

سیاسی و ستراتیجی بۆ خۆی بەدیهێنا، ڕێککەوتننامەی (١٩٧٠/٣/١١) هەڵوەشایەوە، ئەمەش لە بەرژەوەندی ئێران و تورکیا و سوریاش بو.


## قۆناغی پێنجەم: دۆزی کورد لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٩١-١٩٧٥):

ئەم ماوەیە بە دژوارترین قۆناغ بۆ دۆزی کورد لە هەرێمی کوردستان دادەنرێت، چونکە لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێران، سەرکردایەتی کورد بڕیاری کۆتاییهێنان بە شۆڕش و خەباتی چەکداری و کشانەوەی دا. دەکرێ گرنگترین لایەنەکانی ئەم قۆناغە لێرەدا بخەینەڕو:

١- ڕاگواستنی گوندنشینانی هەرێم لە دوای ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی (١٩٧٥) بەتایبەتی ناوچە سنورییەکانی عێراق- ئێران و عێراق – تورکیا و دەرکردنی (١٢٠) هەزار کوردی فەیلی بۆ

نەخشەی (٢)

ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە ساڵی (١٩٧٤)




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

ئەسەسەرد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی سیاسیی هەرێمی کوردستان (٢٠٠٥-١٩١٤)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، ٢٠١٠، ل ٩٦.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

ئێران لە ماوەی نێوان سالآنی (١٩٨٠-١٩٨٢) و ئەنفالکردنی (٨) هەزار بارزانی لە سالّی (١٩٨٣) و خاپورکردنی (٤٥٠٠) گوندی هەرێم تاکو سالّی (١٩٨٨).

٢- لە ماوەی (١٩٨٨-١٩٧٦) بزوتنەوەی کورد لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا لە ململانێیەکی توندی چەکداری دا بوە جگە لە ئەو گفتوگۆیەی سالّی (١٩٨٣)ی حکومەتی عێراقی و یەکێتی نیشتمانی کوردستان نەبێت.

٣- بەعسییەکان درێژەپێدەری سیاسەتی حکومەتانی پێش خۆیان بون و بەشێوەیەکی چڕوپڕتر سیاسەتی سوتماککردن و بەعەرەبکردن و ڕاگوێزان و جینۆسایدکردنێکی ڕێکخراویان بە عیلم و زانینی ولآتە زلهێزەکان جێبەجێ کردوە. (عەبدولکەریم، ٢٠١١، ل٢٦، ٣٢)

٤- لە ماوەی کۆتایی هەشتایەکاندا کوشتن و لەناوبردنی کورد لەلایەن حکومەتی عێراقەوە گەیشتە لوتکە، ئەوە بو لە (١٩٨٨/٣/١٦) فڕۆکە جەنگییەکانی عێراق هێرشی کیمیاویان کردە سەر شاری هەڵەبجە لەم هێرشەدا نزیکەی (٥٠٠٠) کەس لە خەڵکی شارەکە بونە قوربانی. هەر لە هەمان ساڵدا سوپای عێراق هێرشێکی سەربازی پلان بۆ دارێژراو و فراوانی لەژێر ناوی شاڵاوەکانی ئەنفال بە هەشت قۆناغ کردە سەر ئەو ناوچانەی لە ماوەی جەنگی (عێراق-ئێران) لەژێر دەسەڵاتی هێزەکانی پێشمەرگەدا بون بەبیانوی ئەوەی هاوکاری ئێرانیان کردوە لە ماوەی شەڕەکەدا و لەو هێرشانەدا نزیکەی(١٨٢٠٠٠) کەس لە گەنج و پیر و منداڵ لە هەر دو ڕەگەزەکە بێ سەرو شوێن کران.

٥-لە ماوەی جەنگی عێراق – ئێران(١٩٨٨-١٩٨٠) ویلایەتە یەکگرتوەکان و ولاتانی ڕۆژئاوا و ولاتانی کەنداو پشتگیریی حکومەتی بەعسیان دەکرد لەدژی ئێران، کوردیش لە بەرەی ئێراندا شەڕی دەسەڵاتی بەعسی دەکرد بۆیە جیهان بەگشتی چاوپۆشی لە تاوانەکانی ڕژێمی بەعس کردبو لە دژی گەلی کوردستان. لەو ماوەیەدا کورد زەرەرمەند بون چ لەڕوی وێرانکردنی شار و شارۆچکە و گوندەکانی و هەروەها کیمیابارانکردنی ناوچەکانی کوردستان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی کوشتن و بڕینی خەڵکی کوردستان کە سەدان هەزار قوربانی لێکەوتەوە.

٦-هەر بە هۆی جەنگی عێراق-ئێران وای لێ هات عێراق کە لە سالّی (١٩٨٠) دا (٣٠) ملیار دۆلاری یەدەگی هەبو، بەلآم لە ماوەی جەنگی هەشت سالّەی لەگەڵ ئێران لە نێو قەرز دا خنکابو. (Sinha, 2014.p.67)

٧-ڕوخانی دیواری بەرلین لە سالّی (١٩٩٠) و و کۆتایهاتنی جەنگی سارد و هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤییەت لە (١٩٩١/١٢/٢٦) و هەڵوەشانەوەی هاوپەیمانی وارشۆ لە سالّی(١٩٩١) دروستبونی سیستەمی تاک جەمسەر و تاک هەژمون بە سەرکردایەتی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوە هۆکاری دوبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتە جیۆپۆلێتیکیەکانی سیستەمی نوێی جیهان و گۆڕانی تێڕوانین و هەڵوێستەکانی تایبەت بە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان. لەم سیستەمە هەژمونیکەدا تەواوی ڕوبەری جوگرافی جیهان بەناوچەی ستراتیژی یان کۆمەڵێکی ئاسایشی سەرەکی هەژمونی ئەمریکا دەناسرێن. کە دواتر کوردیش سودێکی گەورەی لەم گۆڕانکاری و سیستەمە نوێیەی جیهان وەرگرت.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٨- ڕژێمی عێراق لە (٢)ی ئابی ساڵی (١٩٩٠) كوەیتی داگیركرد. یەكێك لە هۆكارە سەرەكییەكانی پشت داگیركردنی كوەیت لەلایەن عێراقەوە بریتیبو لە بیرۆكەیەكی جیۆپۆڵیتیكی بو بە مەبەستی خۆرزگاركردن لە كەڵەكەبونی ئەو قەرزانەی لەسەری بو.

٩- ساڵی (١٩٩١) دوای ڕاپەڕینی خەڵكی كوردستان ڕژێمی عێراق زۆر بێبەزەیانە هێرشی كردە سەر خەڵكی كوردستان. لە (١٩٩١/٣/٣١) كۆرەوە ملیۆنییەكەی هەرێمی كوردستان بەرەو سنورەكانی ئێران و توركیا دەستی پێكرد، كە سەرەتایەكی نوێی بە ڕوی ئایندەیی كورد دا واڵاكرد. ئەوە بو ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە (١٩٩١/٤/٥) بڕیاری ژمارە (٦٨٨)ی دەركرد كە ئەنجومەنی ئاسایش ئەرك و بەرپرسیاریێتییەكانی خۆی لەژێر دەستوری نەتەوە یەكگرتوەكان بۆ پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەبەرچاودەگرێت. بە ئاماژەدان بە برگەی (٧) لە ماددەی (٢)ی دەستورنامە. لە دەقی بڕیارنامەكەدا هاتوە (ئەنجومەن زۆر نیگەرانە لەسەركوتكردنی دانیشتوانی سیڤیلی عێراق لە زۆرێك لە ناوچەكانی كە بەم دواییانە ناوچە كوردنشینەكانی گرتوەتەوە و بوە هۆی لێشاوی بەرفراوانی پەنابەران بەرەو سنورە نێودەوڵەتییەكان، ڕودانی هێرشەكان لە سنورەكان هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ناوچەكەدا دەكات)، هەروەها هەر لە بڕیارنامەكەدا هاتوە (عێراق دەستبەجێ هاوكار بێت لە نەهێشتنی مەترسیەكان كە هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی دەكات لە ناوچەكە، ئەم سەركوتكردنە بوەستێنرێت، لەگەڵ هیواخواستن بۆ دامەزراندنی دیالۆگێكی كراوە بۆ مسۆگەركردنی ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ و مافە سیاسییەكانی گشت هاوولاتیانی عێراق). دەبێ ئاماژە بەوە بكەین بڕیاری (٦٨٨) هیچ دەقێكی تێدا نەبو سەبارەت بە ناوچەی دژەفڕین، بەڵام دەوڵەتانی زلهێز لەوانە فەرەنسا و بەریتانیا و ویلایەتە یەكگرتوەكان سودیان لە بڕیارەكە وەرگرت و ناوچەی دژە فڕینیان لە عێراق ڕاگەیاند بەدرێژایی بازنەی پانی (٣٦) بۆ هانا هاتنی كۆچبەرانی كوردستان و بۆ پاراستنی كورد لە هێرش و هەڕەشەكانی حكومەتی عێراق. (SMITH, 2005,p.99)

## قۆناغی شەشەم: دۆزی كورد لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-١٩٩١)

ئەم ماوەیە بەگرنگترین قۆناغی بەرەوپێشچونی دۆزی كورد دادەنرێت بە بەراورد بە ماوەكانی پێشو، چونكە دەستێوەردانی مرۆیی ئەنجومەنی ئاسایش لە ساڵی (١٩٩١) و دەركردنی بڕیارنامەی (٦٨٨) لە (١٩٩١/٤/٥) هۆكاری كردنەوەی سنورە داخراوە جیۆپۆڵیتیكیەكان بو لە بەردەم هەرێمی كوردستان. لێرەدا پێویستە ئاماژە بە چەند خاڵێك بكەین:

١-گرنگی پێدانی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا و ولاتانی ڕۆژئاواش بە هەرێمی كوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجە ستراتیجییەكانیان لە ناوچەكە هەروەها ئەو گرنگییە جیۆستراتیجی و ئابورییەی كوردستان هەیەتی.

٢- دامەزراندنی پەرلەمان و دواتر حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)، بەرهەمی ئەو كرانەوەیە بو و پێگەی جیۆپۆڵیتیكی هەرێمی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتی دا بەهێزكرد. ڕوبەری ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەلاتی حكومەتی هەرێم بو (٣٩٠٦٠) كم٢ كە (٤٥,٧%)ی ڕوبەری هەرێمی لەخۆگرتبو.(نەخشەی٣)



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٣-شەڕی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان کە لە ماوەی ساڵانی (١٩٩٤-١٩٩٧) لەنێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ڕویدا، ئەم شەڕە لاوازبون و لێکترازانی ڕیزەکانی گەلی کورد و دو ئیدارەیی لێکەوتەوە، هەروەها لێکەوتەی زۆری تریشی هەبو بۆ ئەو کاتی کوردستان و دواتریش بەتایبەتی کاتی ڕیفراندۆم و تاکو ئێستاش.

٤- ساڵی (١٩٩٨) کۆنگرێسی ئەمریکا پلانی ئازادکردنی عێراقی پەسەندکرد وەکو یەکێک لە دەرهاوێشتەکانی هێرشی (٢٠٠١/٩/١١) بۆ سەر ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و لە (٢٠٠٢/١٠/١٠)دا بڕیاری بەکارهێنانی هێزی سەربازی دا لە دژی حکومەتی عێراق (عبدالله,٢٠١٧, ل٢٢)، دەتوانین بڵێین هەر دو پارتە سەرەکیەکەی کوردستانیش لەگەڵ پلانەکەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بون بۆ گۆڕینی ڕژێمی عێراق واتە ئەمە وای دەخواست هەرێم خۆی بۆ ئەگەری ڕودانی گۆڕانکارییەکی گەورە لە ناوچەکەدا ئامادەبکات، و لەم ماویەدا کورد دورکەوتبویەوە لە باقی ناوچەکانی عێراق و سەربەخۆ بو لەبەڕێوەبردنی خۆی و دور بو لە دەسەڵاتی بەعس.

## قۆناغی حەوتەم: دۆزی کورد لە نێوان ساڵانی (٢٠١٧-٢٠٠٣):


لە کاتی هێرشی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠٠٣) بۆ سەر حکومەتی بەعس تورکیا هاوئاهەنگ نەبو لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان، لە بەرامبەردا پشتیوانیکردنی کورد بۆ پرۆسەکە وایکرد لە کاتی ڕوخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق کورد پێگەیەکی گرنگی لای ئەمریکییەکان هەبێت بە تایبەتی لە ماوەی جەنگەکە دا ئەویش لەبەرئەوەی خاوەن هێزی پێشمەرگەیە.( Rashid , 2014:p. 30)

لە (٢٠٠٣/١٠/١٧) بزوتنەوەی ڕاپرسی(ڕیفراندۆم)ی کوردستان لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵێ لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسایەتی و ڕوناکبیرانی هەرێم دامەزرێنرا، هیچ پەیوەندییەکی فەرمی بە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمەوە نەبو و بەشداریش نەبون لە پرۆسەی ڕیفراندۆمەکە. ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەش هاوکات بو لەگەڵ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی خولی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

نەخشەی (٣)

ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢)




سەرچاوە: کار توێژەر پشت بەستن بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، نەخشەی قەزاکانی هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٠.

دوەمی پەرلەمانی کوردستان لە (٢٠٠٥/١/٣٠) و هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجومەنی شارەوانییەکانی عێراق.

لە خشتەی (٢)دا بۆمان دەردەکەوێت کۆی گشتی دەنگدەرانی هەرێم لە ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بەشداریان لەڕیفراندۆمەکەدا کرد (١٩٩٨٠٦١) دەنگدەربون و ڕێژەی ئەوانەشی دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا (%٩٨,٨)ی کۆی گشتی دەنگدەران بون لە بەرامبەر دا ئەوانەی دەنگیان بۆ مانەوە لەگەڵ عێراق دا (%١,٠)ی کۆی گشتی دەنگدەرانی هەرێم بون، هەروەها (%٩٨,٨)ی دەنگدەرانی ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێم دەنگیان بە


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

سەربەخۆیی دا هەروەها (٩٩،٧%)ی دەنگدەران لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم سەربەخۆییان هەڵبژارد ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات ویستێکی جەماوەری هەبو لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا لەو ئاستەدا نەبو کە ساڵی

**خشتەی (٢)**

**ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمی ساڵی (٢٠٠٥) لە هەرێمی کوردستان**

| ناوچە / دەنگدەران | ناوچەکانی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | % | ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان | % | کۆی گشتی هەرێم | % |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەربەخۆیی | ١٦٤٠٥٧٢ | 98,8 | ٣٣٢٨٤٠ | 99,7 | ١٩٧٣٤١٢ | ٩٨،٨ |
| مانەوە لەگەڵ عێراق | ١٩٣٣٢ | 1,2 | ٩١٩ | 0,3 | ٢٠٢٥١ | 1,0 |
| دەنگی سپی | | | | | ٤٣٩٨ | 0,2 |
| کۆی گشتی هەرێم | 1659904 | 100 | 333759 | 100 | ١٩٩٨٠٦١ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە:

عمر عبدالله، خامۆش، مافی چارەنوسی هەرێمی کوردستان لە ژێر ڕۆشنایی ئەزمونی وڵاتاندا، یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، بۆردی مافی چارەنوس، لە بڵاوکراوەکانی یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، ژمارە (٢٧)، چاپخانەی خوێندنی باڵا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠١٧.

(٢٠١٧) ڕیفراندۆمی ئەنجامدا. دوای پەسەندکردنی دەستوریش لە هەمان ساڵدا، هەرێمی کوردستان دەستکەوتی گەورەی بە دەستهێنا لەڕوی ژێرخانی ئابوریی و بەرزبونەوەی ئاستی داهاتی تاک و هەروەها لەسەر ئاستی سیاسی و دبلۆماسیش. بەجۆرێک نوسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ژمارەیەکی بەرچاوی دەوڵەتان کراوەتەوە، هەر لە وڵاتانی دراوسێوە تاکو دەگاتە ویلایەتە یەکگرتوەکان و دەوڵەتانی ئەوروپی، لە بەرامبەریش ژمارەیەک لە قونسولگەری دەوڵەتان لە هەرێم کرایەوە کە لە زۆر ڕووەوە گرنگی خۆی هەبوە بە تایبەتی لەڕوی بازرگانییەوە. سەرەڕای ئەوانەش چالاکیە دبلۆماسییەکانیشی پەرەپێداوە.(MacQueen ,2015:p.434 )

مانگی ئابی ساڵی (٢٠١٤) لەدوای دەستبەسەرداگرتنی موسل لەلایەن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی، پەلاماری قەزای شەنگالیاندا و نزیکەی (٧) هەزار کەس لە گەنج و پیر و منداڵ و دەستبەسەرکران. (Connor and



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

Burç,2020:p.2، ڕوبەری ئەو ناوچانەشی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان بەگشتی داگیری کرد (18980)کم٢ بو کە دەکاتە (22,2%)ی کۆی گشتی ڕوبەری هەرێم (نەخشەی٤). هێرشەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی ئەگەرچی زیانی گەورەی بەخەڵکانی سیڤیل گەیاند، بەڵام پاڵپشتییە سیاسی و سەربازییە نێودەوڵەتییەکانی بۆ هەرێم زیاد کرد ئەمە جگە لە بەرەوپێشچونی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێم.( akreyi, 2017:95) لێرەدا دەگەینە ئەم ڕاستییانەی لای خوارەوە:

١-بڕیاری ڕوخانی حکومەتی بەعس لە ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و بەشداریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپاڵ هێزەکانی هاوپەیمانان لە ساڵی (٢٠٠٣) لە جەنگی دژی حکومەتی بەعس و دواتریش چەسپاندنی فیدراڵیەتی هەرێم لە چوارچێوەی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥) پێگەیەکی جیۆستراتیجی بەخشییە هەرێم.

٢-دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بەهۆی گەشەی ئابوری و هەروەها ئەو پێشکەوتنە سیاسیی و ئەمنی و دیپلۆماسییەی هەرێم هەیبو بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێگەیەکی بەهێزی جیۆپۆلیتیکی هەبو.

٣-قەیرانەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ لە شێوەی کێشمەکێشە لەسەر ناوچەکانی قەلەمڕەویی و سەرچاوەکان و داهات لەم ماوە سەریهەڵدا بەتایبەتی لەدوای ساڵی (٢٠١٣) لەسەردەمی سەرۆک وەزیران نوری مالیکی و تاکو ئێستاش بەردەوامە.


٤-سیاسەتی تاکڕەویی حکومەتی بەغدا لەلایەن حزبە شیعەکان و گەماڕۆدان و پشتگوێخستنی سونە و کورد لە بڕیاردان لەسەر ئاستی عێراق بە تایبەتی لەسەردەمی حوکمی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران پێشو (٢٠٠٦-٢٠١٠) و (٢٠١٠-٢٠١٤) کەلێنی گەورەی لە نێوان پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا بە ئاراستەی دورکەوتنەوەیان لە یەکتر دروستکرد و بوە هۆی دورخستنەوەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

**نەخشەی(٤)**

**ئەو ناوچانەی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان دەستی بەسەرداگرت لە ساڵی (٢٠١٤)**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ڕاستی مێژوویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١

کورد لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقدا و لەسەر ئاستی نێوخۆیی و دەرەکیدا کاری جیدی لەسەر کرا بۆ ئەوەی پێگەکەی بچوک بکرێتەوە و لەسەردەمی حکومەتی حەیدەر عەبادی (٢٠١٤-٢٠١٨) ئاراستەیەکی خراپتری وەرگرت و ڕەهەندی ترسناکی بەخۆیەوە بینی.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1**

## باسی دووەم: پاساوەکانی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان

### یەکەم: پاساوی جوگرافی و ناسنامە

دەکرێ پاساوە جوگرافییەکانی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان لەم خاڵانەدا پوخت بکەینەوە:

١-لەبەرئەوەی شوێنی جوگرافی هەرێمی کوردستان لەسەروی عێراقە، بۆیە ئەم هەرێمە هەمیشە سەخت بوە بۆ حکومەتی عێراق دەستی بەسەردابگرێت و هەرگیزیش لە سەداسەد لە ژێر دەسەڵاتیدا نەبوە. لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١)یش ئەم هەرێمە سەربەخۆ بوە و تەنها لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە پەیوەندی بەعێراقەوە هەبوە، لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە پێگەکەی بەهێزتر و سەربەخۆتر و پەیوەندییەکانی فرەلایەنتر بوە و جیهان بەڕویدا کرایەوە .٢-هاتنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بۆ ناوچەکە لە ساڵی (٢٠١٤) و کشانەوە و پاشەکشێکردنی سوپا و هێزە عێراقییەکان لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هۆکارێک بو بۆ ئەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان ئەرکی پاراستنی ئەو ناوچانە لە ئەستۆ بگرن. مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم لە دوای ئەو ڕوداوانە ڕایگەیاند ماددەی (١٤٠)ی دەستور کە بۆ چارەسەرکردنی پرسی ئەو ناوچانەیە بۆ ئێمە جێبەجێکراوە و کۆتاییپێهاتوە.(هەورامی، ٢٠١٤، ل٣)

٣-بەستنەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم بنەما بو بۆ ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، بەو هۆیەی عێراق بە شێوەیەکی کرداری دابەشبوە، چونکە دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بو بە دەوڵەتی بەربەست لە نێوان هەرێم و عێراقدا و بە کۆنترۆڵکردنی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە و دەستگرتن بە سەر سەرچاوەی وزە (نەوت و گاز)ی ئەو ناوچانە سەنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی لە ناوخۆی عێراق و لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بەهێزکرد.

٤-ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیجین و ڕوبەرێکی گەورەی هەرێمی کوردستان پێکدەهێنن و فاکتەرێکی گرنگی بەهێزبونی ئابورییەکەین. کە لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە خاڵی ناکۆکی نێوان کورد و حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بوە. ئەم ناوچانە بە هۆی دەوڵەمەندنیان بە سامانە سروشتییەکان لەلایەک و ئەو ململانێیەی لەسەر ئەم ناوچانە هەیە ڕەهەندێکی هەرێمی و نێودەوڵەتیان هەیە. هەر بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئەو ناوچانە لەلایەن کوردەوە لە ساڵی (٢٠١٤) فاکتەرێکی گرنگی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێم بو.

### دووەم: پاساوی سیاسی

دەستوری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) سیستەمی حوکمڕانی لە عێراق دیاریکرد کە عێراق دەوڵەتێکی فرەلایەنی یەکگرتوی فیدراڵە و کارکردن لەسەر بنەمای هاوبەشی و ڕێککەوتن دەبێت بەپێی دەقەکانی دەستور، بەڵام وا دەرنەچو و بۆیە لێرەدا ئاماژە بەو پاساوە سیاسییانە دەدەین کە وایکرد هەریم ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

١-دوای چەند ساڵێک بە سەر تێپەڕینی دەستور، دەسەڵاتدارانی هەرێم ئەوەیان بۆ دەرکەوت حکومەتی عێراق خۆی لەو پرەنسیپە جێگیرانە دەکشێنێتەوە کەوا عێراقی نوێی لەسەر دامەزرا و سەرەڕای بونی دەقی دەستوری، بەڵام خۆیان لە جێبەجێکردنی دەدزییەوە، لەوانە ماددەی (١٤٠).

٢- پاش ساڵی (٢٠٠٣) هەستدەکرا ئەو ئەقڵیەتەی پێشتر لە عێراقدا حوکمڕانی دەکرد هەر ماوەتەوە و بەردەوام کاری بۆ ئەوە دەکرد پرۆسەی دیموکراسی لە عێراق لەنگ بێت و زیاتر بیروڕاکانی خۆیان بسەپێنن، بەشێک لەسەرکردە سیاسییەکانیش نەیانتوانی هێڵەکانی ململانێ تائیفی تێپەڕێنن بۆ نمونە شەڕی تائیفی شیعە و سونە ناکۆکی نێوان شیعە و کورد.

٣- لەسەردەمی دەسەڵاتی نوری مالکی سەرۆک وەزیرانی پێشوی عێراق بەتایبەتی لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٠-٢٠١٤) ململانێی نێوان حکومەتی فیدراڵ و هەرێم زیاتر بو و هەوڵی سنورداركردنی دەسەڵاتەکانی کورد و سونەی دەدا و مەیلی بەرەو بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەند بو.

٤- پابەندنەبونی حکومەتی فیدراڵ بەزیادکردنی ڕێژەی کورد لە سوپای عێراق و بەپێی ئەو بەڵێنانەی دوای ساڵی (٢٠٠٣) درابو پێویست بو ڕێژەی کورد (٢٥%) بێت لە ناو سوپای عێراقدا بەڵام ڕێژەی کورد ساڵ لە دوای ساڵ لە کەمبونەوە دایە، هەروەک لە ساڵی (٢٠٠٧) ڕێژەیان (٨%) بو بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨) ئەم ڕێژەیە داکشاوە بۆ (٢%).(فتاح و رەسول، ٢٠١٨، ص٣٧١) لەبەرئەوە قەبوڵکراو نەبو کورد لەگەڵ ئەوەی لە هەرێم وەزارەتی پێشمەرگەی هەبێت و لە وەزارەتی بەرگری عێراقیش ڕێژەیەکی بەرچاویان هەبێت بۆیە کورد نەیتوانیوە بەشداری تەواوەتی بکات لەناو سوپای عێراقدا و هاوبەشی و هاوسەنگی لە بەڕێوەبردنی کاروباری سوپا تێکچو.

بەم جۆرە حکومەتی عێراق پێشێلی ماددەی (٩)ی دەستور کردوە، کە دەڵێت (هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگاکانی ئاسایش لە پێکهاتەکانی گەلی عێراق پێکدێت بە ڕەچاوکردنی هاوسەنگ و ڕێژەی نوێنەرایەتیکردنیان بەبێ جیاوازی یا دورخستنەوەی هیچ لایەک و لەژێر ڕکێفی دەسەڵاتی مەدەنیدا دەبێت و بەرگری لە عێراق دەکات و نابێتە دەزگایەک بۆ داپڵۆسینی گەلی عێراق و دەست وەرناداتە کاروباری سیاسییەوە و ڕۆڵی نابێت لە ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتدا)، هەروەها ئەمە جگە لە خەرجنەکردنی مافە داراییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

## سێیەم: پاساوی ئابوری:

لەو کاتەوەی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە لکێنرا تاکو ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە ساڵی (١٩٩١) ئابوری هەرێم لە ژێر هەژمونی دەوڵەتی عێراقی دا بوە، هەروەها لەو ماوەیەشدا سیاسەتی حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراقی بەرامبەر هەرێم بە ئاراستەی پەراوێزخستنی بوە. دوای ساڵی (١٩٩١) تاکو ساڵی (١٩٩٥) هەرێم پشتی بەداهاتی خاڵە سنورییەکان و ناوخۆی دەبەست و لە دۆخێکی خراپی ئابوریدا بو، لە (١٩٩٥/٤/١٤) بە هۆی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە (٩٨٦)، پشکی (١٣%)ی داهاتی نەوت لە چوارچێوەی پرۆگرامی


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

نەوت بەرامبەر خوراک تاکو ساڵی (٢٠٠٢) بۆ هەرێم دابینکراوە. ئەمە جگە لە داهاتی خاڵە سنورییەکان و داهاتی ناوخۆیی.

لێرەدا بە مەبەستی زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو پاساوە ئابوریيانەی کە وای لە هەرێمی کوردستان کرد ڕیفرانۆمی سەربەخۆیی ئەنجام بدات ئاماژە بە چەند خاڵێک دەکەین:

١-دوای ساڵی (٢٠٠٣) پشکی (١٧%) لە بوجەی عێراق بۆ هەرێم دیاریکرا. ئەمە جگە لە داهاتی خاڵە سنورییەکان و داهاتەکانی ناوخۆ و نەوت. هەر بۆیە دۆخی دارایی و ژێرخان و سەرخانی ئابوری هەرێم بوژایەوە.

٢- هەر لەم ماوانەدا لایەنی عێراقی هەبو پێیان وابو پشکی (١٧%)ی بودجەی هەرێم کە لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەیاد عەلاوی سەرۆک وەزیرانی پێشوەوە بڕیاری لەسەر درابو نادادپەروەری تێدایە و پشکی هەرێم کەمترە لەو ڕێژەیە پێویستە (١٢%) بێت و دوای کەمکردنەوەی خەرجییە سیادی و حاکیمەش ئەوا بۆ (٨%) کەم دەبویەوە. لەم بارەیەوە عەدنان موفتی دەڵێ: (لەناو سەرکردایەتی کورددا کەسانێک هەبون پێیانوابو مادام هەرێم نەوتی هەیە پێویستە خۆی لەم دڵەڕاوکێیە ڕزگار بکات و خاوەن ئابوری خۆی بێت).

٣- هەڵکشانی نرخی نەوت لە ساڵی (٢٠١٣) هانی بەرپرسانی هەرێمی کوردستانی دا نەوت سەربەخۆ بفرۆشن و لە تشرینی دوەمی هەمان ئەو ساڵەدا سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نێچیرڤان بارزانی ڕێکەوتنی پەنجا ساڵەی هەناردەی نەوت و گازی لەگەڵ تورکیا واژوکرد. هەرچەندە وردەکاری ئەم ڕێکەوتنە بەردەست نییە و بەنهێنی ماوەتەوە، بەڵام لە بەرامبەردا نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی پێشوی عێراق لە (٢٠١٤/١/١٢) دا هەڕەشەی کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستانی لە میزانیەی فیدڕاڵی کرد گەر هەرێم هەوڵی هەناردەکردنی نەوتەکەی بۆ تورکیا بدات بەبێ ڕەزامەندی بەغدا. ئەوە بو هەر لەسەرەتاکانی ئەو ساڵەدا بەشە بودجەی هەرێمیان بەتەواوی بڕی (زيباري، ٢٠١٥). واتە نوری مالکی سەرۆک وەزیران گوشاری دارایی وەکو کارتێک دژ بە هەرێم بەکارهێنا ئەمەش دەرئەنجامی زۆر خراپی لێکەوتەوە. (موفتی، ٢٠٢٢)

٤-هێنانی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی وەکو ئێکسۆن مۆبێل و ڕوسنەفت و گازپرۆم و چەندین کۆمپانیای دیکەش بۆ بەهێزکردنی هەرێمی کوردستان بوە و بۆ قایمکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەڕوی وزە و ئابوری و دواتر سیاسییەوە و هەروەها وەکو ئەنجامێک بو بۆ سیاسەتی حکومەتی عێراق دەرهەق بە هەرێم، بۆچون وایە بەبێ سامانە سروشتییەکان هەرێم نابێتە جێگای سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بۆیە سەربەخۆبونیش ئەستەم دەبێت و سەرچاوە سروشتییەکانیش بابەتی مانەوەی هەرێمی کوردستانە وەکو دیفاکتۆ لە ئایندەدا و هەر بۆیە هەرێم هەوڵی زیاتری دەدا بۆ ئەوەی سەربەخۆیی ئابوری زیاتر بە دەستبهێنێت.

٥- لەگەڵ بەڕێوەبردنی کێڵگە نەوتییەکانی سنوری ئیدارەی حکومەتی هەرێم و ناوچەکانی دەرەوەی سنوری ئیدارەی هەرێم (نەخشەی ٥) بەڵام بە هۆی دابەزینی نرخی نەوتەوە هەرێم هەر لە قەیرانێکی قوڵی داراییدا بو نەیدەتوانی بوجە و موچەی خەڵکی کوردستان دابینبکات. حکومەتی عێراقیش گرەوی لەسەر ڕاپەڕینی خەڵکی کورد دژ بە پارتە سیاسییەکان و حکومەتی هەرێم لە پێش ڕیفراندۆم دەکرد، ئەگەرچی عێراق پارەی هەبو و




Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

خەڵکی کوردستانیش بەشێک بون لە خەڵکی عێراق ئەمەش دەرئەنجامی سیاسەتی ئابوری سەربەخۆ و جیاکردنەوەی لە عێراق بو ئەویش لەڕێگەی دابەشکردنی ناوچەکانی کوردستان بۆ چەندین بلۆک و پێدانی بە کۆمپانیای نەوتی جیهانی و فرۆشتنی تاکلایەنەی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان بەبێ گوێدانە حکومەتی فیدراڵ کە باشترین بیانو بو بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق بەخێرایی بەشە بودجەی هەرێم ببڕێت.

کێشەی دەرهێنان و فرۆشتنی نەوتیش یەکێکە لە گرنگترین بەربەستەکانی بەردەم حکومەتی فیدراڵی و هەرێم کە هۆکاربوە بۆ سەرهەڵدانی قەیرانی نێوان هەولێر و بەغدا، چونکە زانیاری دروست لەلای پەرلەمان و حکومەتی عێراق و هەرێم نییە تەنها چەند کەسانێکی نزیک لە سەنتەری

**نەخشەی (٥)**

**دابەشبونی جوگرافی کێڵگەکانی نەوت و گازی سروشتی لە هەرێمی کوردستانی عێراق**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستن بە: https://drawmedia.net/ar/page_detail?smart-id=8251



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

بڕیار نەبێ. لەگەڵ ئەوەی دەستوری عێراق لە ماددەی (١١٢)دا مافی بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی وزەی بە هەرێمەکان داوە، بەڵام دوبارە دابەشکردنەوەی داهاتەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە گەڕاندوەتەوە بۆ حکومەتی ناوەندی. لە ماددەی (١١٢)ی دەستوری عێراقدا هاتوە (حکومەتی فیدراڵ هەڵدەستیت بە بەڕێوەبردنی نەوت و گازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستادا لەگەڵ حکومەتەکانی هەرێم و پارێزگا بەرهەمهێنەرەکاندا بە مەرجێ داهاتەکانی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە دابەشبکرێت کە بگونجێت لەگەڵ دابەشبونی دانیشتوان لەهەمو ناوچەکانی ولاتدا و لەگەڵ دیاریکردنی بەشێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمە زیانلێکەوتوەکان کە لەلایەن ڕژێمی پێشوەوە بەشێوەیەکی نادادپەروەرانە بێبەشکراون و زیانیان لێکەوتوە، بەجۆرێک پەرەپێدانی هاوسەنگ بۆ هەمو ناوچە جیاجیاکانی ولات دابین بکات و ئەمەش بە یاسا ڕێکدەخرێت)، ئەو یاسایەش تاوەکو ئێستا نەهاتۆتە کایەوە. خاڵی جیاوازی لە نێوان حکومەتی ناوەند و هەرێم لە ماددەکە دا لەوەدایە ناوەند پێیوایە وشەی ئێستا هەمو ئەو بیرە نەوتانە دەگرێتەوە کە لە ئێستا دا هەیە و لەگەڵ بەرهەمهێنانی نەوت لەو بیرانەشی دەدۆزرێنەوە. بەڵام حکومەتی هەرێم پێیوایە دەستەواژەکە مەبەستی ئەو بیرانەیە کە پێش و لە کاتی نوسینەوەی دەستوردا دۆزراونەتەوە هەر بۆیە پێویستە ئەو بیرانەی لە چوارچێوەی سنوری ئێستا دا دۆزراونەتەوە داهاتەکەیان بۆ حکومەتی هەرێم بێت(کسکین٢٠١٧، ص١٠٨)  ئەمەش لەنەبونی یاسای نەوت و گاز لە عێراق و تەفسیرکردنی دەستوری عێراقە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکان و ئەوەی هەیە و هەبوە جۆرە ڕێککەوتنێکی کاتی بوە لە نێوان بەغدا و هەولێر.

## چوارەم: پاساوی دەوڵەتسازیی لە عێراق:

سیاسەتی شۆڤینی دژی گەلی کورد، فاکتەری سەرەکی بوە بۆ ئەو تێکۆشانەی گەلی کورد کردویەتی لە ماوەی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق دا ئەم سیاسەتە ڕەنگدانەوەی هەبو لەسەر ئەنجامدانی ڕیفراندۆمی هەرێمی کوردستان، کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەدەین:

١-پرسی دیموکراسی لە عیراقدا ژێرخان و دۆخی پێویستی نییە و ئەو حکومەتانەشی پاش ساڵی (٢٠٠٣)دا یەک لە دوای یەک هاتون ڕوبەڕوی زۆر کێشە و قەیرانی سیاسی و ئاسایشی بونەتەوە.

٢-شیعەکان کە لە دوای ساڵی (٢٠٠٣) جڵەوی حوکمیان بەدەستە لەبەر دوریان لە دەسەڵات و دامەزراوە سیاسییەکان لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و نەبونی هۆشیاریی و ئەزمونی سیاسیان، بەڕێوەبردنیان لەلایەن نوخبەیەکی بێ ئەزمون و تازەکارەوە و هەروەها بەهۆی بەربەستە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ترەوە بۆیە پرۆژەی دەوڵەتسازیی لە عێراقدا پرۆژەیەکی ناتەواو و شکستخواردو لە ڕابردو و ئێستاش.

٤-لە دوای فیدراڵ بونی عێراق و جێگیرکردنی لە دەستوری عێراق لە ساڵی (٢٠٠٥)، بەڵام مەترسی لەسەر پاراستن و بەردەوامی ئەم قەوارەیە هەیە. چونکە تا ئێستا ولاتانی ڕۆژئاوا و بەتایبەتی تر ئەمریکایە کە پشتگیری فیدراڵیەتی عێراق دەکەن.


Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

٤-بیروڕای جیاواز لە دوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە لە نێو پێکهاتەکانی عێراق دا هەبوە لە بارەی فیدڕاڵی و بە هەرێمکردنی ناوچەکان، هەروەک لەسەروبەندی نوسینەوەی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا عەبدولعەزیز حەکیم خواستی خۆی بۆ خۆبەڕێوەبەریەک لە باشوری عێراق ڕاگەیاند، هەروەها هادی عامری فەرماندەی سوپای بەدر پێیوایە شیعەکان مافی خۆیانە ناوچەیەکی تایبەت بە خۆیان هەبێت و پێویستیشە فیدرالیەت لەسەرانسەری عێراقدا جێبەجێبکرێت. لە ئاستی جەماوەری لەنێو دانیشتوانی باشور خواستی بەهێز هەیە بۆ نمونە پرۆژەی بە هەرێمکردنی بەسرە ئەویش بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشکی زیاتر لە داهاتی نەوت، هەرچی سەبارەت بە عەرەبی سونەیە ئەوا فیدرالیەت بە فاکتەری لاوازی و پەراوێزخستنیان دەبینن.

٥-لە دوای ساڵی (٢٠١٠)ەوە نوێبونەوەیەکی شۆڤینی عەرەبی لە بەغدا سەریهەڵداوە، دەیانەوێت هەنگاو بە هەنگاو ڕۆڵی کورد کەمبکەنەوە لە ئایندەی عێراق دا، لەمڕووەوە مێژوی سیاسی عێراق ئەوەی سەلماندوە هەر کاتێک حکومەتەکانی ناوەندی لاوازبوبن، کورد سەربەخۆیی زیاتری بە دەستهێناوە. بۆیە هەرێم نابێ کار لەسەر بەهێزکردنەوەی ئەو دەوڵەتە بکات کە خۆی لە خۆیدا پارچەپارچە بوە، بەڵام گومانیشی تێدا نییە گەڕانەوەی دەسەڵاتێکی مەرکەزی لە عێراق لەلایەن زۆربەی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەوە پشتگیری لێدەکرێت و بەتایبەت گەر ئەو سەرکردەیە بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ بپارێزێت، چونکە ئەم دەوڵەتانە ئەزمونی دیموکراسی و فیدڕاڵی عێراق بە هەڕەشە لە قەڵەم دەدەن بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانیان.(نصری و قدیر، ١٣٩٢، ص٥٠)

## پێنجەم: شەڕی تیرۆر:

لەسەرەتایی ڕوبەڕوبونەوەکانی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئەمریکییەکان بەهێزی ئاسمانی پاڵپشتی پێشمەرگە بون و پێویستیان بەهێزی زەمینی هەبو، پێشمەرگەش سەلماندی توانای تێکشکانی دەوڵەتی ئیسلامی و پاراستنی خەڵکی سیڤیلی هەیە، هەر بۆیە هاوکاری و هاوبەشی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکان دەستپێکرد.(Hawezy , 2015:p.19) سەرکەوتنەکان بەسەر دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەڕوی سەربازییەوە، هۆکاربون بۆ بەهێزبونی پەیوەندییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی هەرێمی کوردستان و بە کرداریش هەرێم بەشێک بو لە هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی هەروەها ببوە دابینکەری ئارامی و ئاسایش بۆ دانیشتوانی ناوچەکانی دیکەی عێراق(CHAROUNTAKI,2018:p.38) .

دەکرێ بڵێین هاتنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی بەسودی کورد کۆتاییپێهات چونکە:

١-سوپای عێراق کشایەوە و هێزەکانی پێشمەرگە شوێنی ئەوانی گرتەوە.

٢-تەواوی کوردستان کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم.

٣-دەیەها هەزار ئاوارەی عەرەب و کریستیان و کوردی یەزیدی شوێنەکانی خۆیان چۆڵکرد، بۆ ئەوەی پارێزراو بن ڕویان لە هەرێم کرد و هەلی پێکەوەژیانی ئاشتیانەی بۆ هەمولایەک ڕەخساند. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخە ئاساییشییەکەی و لەڕوی سیاسییەوە ڕای حزبە سیاسییە سونەکانی تاڕادەیەکی زۆر بەرامبەر هەرێم گۆڕی و



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

لەڕوی کۆمەلأیەتیشەوە تێکەلأویەکی زۆری دروستکرد، لەڕوی ئابوریشەوە لەبەرئەوەی ئەمانە زۆربەیان لە شارەکاندا دەژیان بۆیە لەو دۆخە خراپەی ئابوری ڕۆڵێکی گرنگیان لە جولەی بازاڕەکانی هەرێم هەبو.

٤-پەیوەندی کورد و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دروست بو و گەشەی کرد تا ئاستێکی بەرز و سەرۆکی هەرێم (مەسعود بارزانی) ئەندازیاری دروستبونی ئەو پەیوەندیانە بو بەتایبەتی دوای داگیرکردنی شەنگال لەلایەن دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی.

٥- پێگەی کورد و هەرێم سەرباری دۆخی ئابوری خراپ بەلأم پێگەیەک بو جێگای شانازی بو.

٦-شێوازی ڕزگارکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەلأتی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن بەغدا جێگای گومان بو، بۆ نمونە حەویجە کە کۆتا جێگابو.

٧. پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەو باوەڕە لای خەڵک و دەسەلأتدارانی هەرێم هەبو کە جیهان ڕێز لە شێوازی حوکمڕانی کوردستان دەگرێت و هەروەها ڕێز لە قارەمانی و ئیرادەی هێزی پێشمەرگە دەگرێت، بەلأم وا دەرنەچو، لەوانە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پالپشتی لە پارچەپارچە بونی عێراق و سەربەخۆبونی هەرێم نەکرد.

## ئەنجامەکان:

لە کۆتایی توێژینەوەکەمان دەگەینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١-دۆزینەوەی نەوت لە کوردستان لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم وایکرد شوێنێکی تایبەتی لە پلانرێژیی دەوڵەتە زلهێزەکاندا هەبێت و ئەو دەوڵەتانە هەوڵیاندەدا زۆرینەی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەلأتی ڕاستەوخۆی خۆیاندا بێت.

٢- پێکهێنانی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١) و دواتر لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو دەوڵەتەوە لەلایەن بەریتانیاوە پاش جەنگی جیهانی یەکەم ئامانج لێی گۆڕانکاریی جیۆسیاسی بو بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی ئینگلیزەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و مەزهەبی کە هۆکاری دەرکەوتنی قەیرانێکی جیۆپۆلیتیکی بەردەوام بو.

٣- پەیماننامەکانی سەعدئاباد و بەغدا بە مەبەستی پارێزگاریکردن بو لە جوگرافیای ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش کراوە و هەروەها دژایەتیکردنی هەر بەرەوپێشچونێکی دۆزی کورد بوە لەو ولأتانە.

٤- ئێران بە پالپشتی ویلایەتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی جەزائیردا جگەلەوەی دەستکەوتی سیاسی و ستراتیجی بۆ خۆی بەدیهێنا، ڕێککەوتننامەی (١٩٧٠/٣/١١)ی هەڵوەشاندەوە کە لە بەرژەوەندی ئێران و تورکیا و سوریاش بو.

٥- لەماوەی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق-ئێران، ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ولأتانی ڕۆژئاوا و ولأتانی کەنداو پشتگیریی حکومەتی بەعسیان دەکرد لە دژی ئێران، کوردیش لەبەرەی ئێران دا شەڕی دەسەلأتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

حکومەتی بەعسی دەکرد، بۆیە جیهان بەگشتی چاوپۆشی لەو تاوانانە کرد کە لە بەرامبەر گەلی کوردستان ئەنجامدرا.

٦- دروستبونی سیستەمی تاک جەمسەریی لەسەرەتای نەوەدەکان بوە هۆکاری دوبارە ڕێکخستنەوەی پێکهاتە جیۆپۆلیتیکیەکانی سیستەمی نوێی جیهان، لەم سیستەمە هەژمونیکەدا تەواوی ڕوبەری جوگرافی جیهان بە ناوچەی ستراتیژی یان کۆمەڵێکی ئاسایشی سەرەکی هەژمونی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەناسرێن کە دواتر کوردیش سودێکی گەورەی لەم گۆڕانکاریی و سیستەمە نوێیەی جیهان وەرگرت، چونکە دەستێوەردانی مرۆیی ئەنجومەنی ئاسایش لەساڵی (١٩٩١) و دەرکردنی بڕیارنامەی (٦٨٨) هۆکاری کردنەوەی سنورە داخراوە جیۆپۆلیتیکیەکان بو لە بەردەم هەرێم و دواتریش دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی (١٩٩٢) پێگەکەی بەهێز کرد.

٧-دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، هەرێمی کوردستان بە هۆی گەشەی ئابوریی و ئەو پێشکەوتنە سیاسی و ئەمنی و دیپلۆماسییەی هەیبو بە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق پێگەیەکی بەهێزی جیۆپۆلیتیکی هەبو.

٨-هاتنی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی و دەستگرتنی بە سەر ناوچە سونییەکاندا بو بە دەوڵەتی بەربەست لە نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق، کۆنترۆڵکردنی کەرکوک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی حکومەتی هەرێم و دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی وزە (نەوت و گازی سروشتی) ئەو ناوچانە سەنگی جیۆپۆلیتیکی هەرێمی لە ناوخۆی عێراق و لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیش بەهێزکرد.

٩- هێنانی کۆمپانیا نەوتییە گەورەکانی جیهان بۆ بەهێزکردن و قایمکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان بوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بە تایبەتی لەڕوی وزە و ئابوریی و دواتر سیاسییەوە.

## ڕاسپاردەکان:

لەسەر بنەمای ئەو ئەنجامانەی کە لەماوەی توێژینەوەکەماندا پێگەیشتوین چەند ڕاسپاردەیەک دەخەینەڕو:

١- گرنگیدان بەم جۆرە توێژینەوانە، چونکە بایەخێکی گەورەیان هەیە لەڕوی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا بەمێژوی سیاسی و جیۆسیاسی وڵات.

٢- پێویستە لە ئایندەدا بەوردی خوێندنەوە بۆ کات بکرێت چونکە ئەنجامدانی هەر هەنگاوێک بۆ سەربەخۆیی پەیوەستەی بەو کاتەی کە ئەو هەنگاوەی بۆ دەنرێت.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

# Kurdish Issue in Iraq and Justifications of Kurdistan Region's Independence Referendum in 2017

**Sasan Hikmat Ali[1] - Sleman Abdullah Ismael[2]**
[1+2] Department of Geography, College of Art, University of salahadden, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

The right of self determination is an internationally endorsed right of nations, especially those nations affected by suppression and assimilation campaigns on their own land. Therefore, nations suffering from economic, political, cultural, and in extreme cases religious and historical marginalization have the right to establish their own independent states. One way to achieve this goal is holding public referendum. Referendums provide the oppressed nations with the opportunity to express their will in a democratic manner and ask for implementation of their inalienable right of self-determination.

Since the establishment of the state of Iraq, Iraqi Kurds have been repeatedly oppressed and marginalized by successive Iraqi governments. Brutality of governments in Baghdad pushed Kurds to seek independence to no avail. The region's geopolitical realities and ongoing conflicts and rivalries over controlling the natural resources of the region have played a major part in Kurdish failure in establishing an independent state. This research explores the diverse aspects of the Kurdish issue in Iraq with the aim of signifying the role geopolitics has played in creation and continuation of problems between the Iraqi government and Kurdistan Region. In order to achieve its stated goal, the research is divided into the following sections: First, an introduction, followed by a section dedicated to emergence and evolution of the Kurdish issue in Iraq. The third section discusses the justifications of Kurdistan's independence referendum, which is followed by the conclusion section that presents the findings and recommendations of the study.

**Keywords**: Kurdish Issue, Geopolitics, Kurdistan Region, Disputed Territories Outside KRG, Referendum.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1**

## سەرچاوەکان:

گالبێرس، پیتەر، و. سۆران عەلی محەمەد ئەمین، کۆتایی عێراق ،چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٠٨.

خەسباک، شاکر، کورد و مەسەلەی کورد، و.ئەمجەد شاکەلی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی دوەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

ئیدموندز، سیرجی. ج، و: مانی (ئەبوبکر ساڵح ئیسماعیل)، کێشەی کورد، چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر، ٢٠١٨.

ڕۆستم، نیسان حسن، کورد و دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق (١٩٦٨-١٩١٦)، چاپی یەکەم، چاپەمەنی گەنج، سلێمانی، ٢٠١٧.

عەبدولکەریم، سەلام، ژیانی سیاسی لە باشوری کوردستان (١٩٩١-١٩٧٥)، سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی و دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەک نمونە، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە نێوان ڕاستی مێژویی و هەڵکەوتەی جوگرافیاییدا، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٢١.

دەستوری هەمیشەیی عێراق ساڵی (٢٠٠٥).

سەعد هەورامی، سەرۆکی هەرێم بۆ VOAی ئەمریکی: ئێمە دەمانەوێت لە ژێر چاودێری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دا ڕیفراندۆم بە شێوەیەکی زۆر شەفاف ئەنجام بدەین، ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(١٩٣٥)،٢٠١٤/٧/٣.
https://en.calameo.com/read/0000847939306c31f6fec

چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز عەدنان موفتی ئەندامی ئەنجومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (٢٠٢٢/١/٥).

عبدالله، تحسین وسو، عێراق و دۆزی کورد لە باشوری کوردستان لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تا ئێستا، / https://www.academia.edu/35465139

خورشيد و طالب، فؤاد حمه و جزا توفيق، الاعتبارات الجيوبولتيكية لمعاهدة سايكس بيكو و مؤتمر لوزان و انعكاساتها على مصير كوردستان، دراسة جيوبولتيكية، المطبعة قانع، السليمانية، ٢٠١٩.

البارزاني، مسعود، البارزاني و الحركة التحررية الكردية، كاوا للثقافة الكردية، الطبعة الثانية، بيروت، ١٩٩٧.

حسين، فاضل، مشكلة الموصل (دراسة في الدبلوماسية العراقية – الانكليزية – التركية و في الرأي العام، مطبعة الرابطة، بغداد، ١٩٥٥.

لازاريف، م. س، المسألة الكردية (١٩٢٣-١٩١٧)، ترجمة: د. عبدي حاجي، دار أراس للطباعة و النشر، الطبعة الثانية،أربيل، ٢٠١٣.

محمود، عمار عباس، القضية الكردية اشكالية بناء الدولة، العربي للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠١٦.

اسكندر، سعد بشير، من التخطيط الى التجزئة سياسة بريتانيا العظمى تجاه مستقبل كردستان (١٩٢٣-١٩١٥)، بنكه ى ژين السليمانيه، ٢٠٠٧.

عەلی، هادی، الشعب الكوردي و السياسات الدولية في القرن العشرين (كوردستان العراق نموذجا)، دراسة تحليلية ناقدة، مطبعة سيما، سليمانية، ٢٠٠٨.

خيره، ويفى، تاثير المساله الكرديه على الاستقرار الاقليمى، رساله ماجستير، كليه الحقوق، جامعه منتورى قسنطينه، ٢٠٠٥.

فتاح و ڕەسول، ئومێد ڕەفیق، عابد خالد، پرۆسەی بە دامەزراویکردنی هێزەکانی پێشمەرگە: هەنگاو و ئاستەنگەکان، مجلة الدراسات السياسية و الامنية، المجلد (الاول)، العدد (الثاني)، كانون الاول ٢٠١٨.

كسكين، بنيامين، بحث اقليم شمال العراق عن الاستقلال، الابحاث – الدراسات، ٢٠١٧ .

الوقائع العراقية، قانون الحكم الذاتي لمنطقة كردستان رقم (٣٣) لسنة (١٩٧٤)، العدد (٢٣٢٧)، ١٩٧٤/٣/١١.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1

زيباري، عبدالحميد، مخاوف من خفض ميزانية كردستان العراق، الجزيرة، ٢٠١٥/٩/٣.
https://www.aljazeera.net/ebusiness/2015/9/3/

نصری و رضایی، قدیر داود، امکان سنجی استقلال اقلیم کردستان عراق و تاثیر آن بر امنیت ملی جمهوری اسلامی ایران، فصلنامه علمی پژوهشی (امنیت پژوهی)، سال دوازدهم، شماره ٤٢، زمستان ١٣٩٢.

hilterman , Joost r, revenge of the kurds: breaking away from Baghdad , the center for international studies , volume 91 , no.6 , 2012.

Natali , Denise, The Kurdish Quasi-State Development and Dependency in Post–Gulf War Iraq , Syracuse University Press , New York , 2010.

Kaya, Zeynep N Maps into Nations: Kurdistan, Kurdish Nationalism and International Society , Department of International Relations of the London School of Economics for the degree of Doctor of Philosophy, London, June 2012.

sharp , Alan, The Paris Peace Conference and its Consequences , international encyclopedia of the first world war , Version 1.0 , Last updated 08 October 2014.

Sluglett and Sluglett , -Marion Farouk and Peter, Iraq Since 1958From Revolution to Dictatorship , I.B.Tauris Publishers LONDON • NEW YORK , 2001.

Nuri , Nahar Muhammed, Iraqi Trends and the Refutation of the Artificial State Hypothesis , Arab Center for Research & Policy Studies , AlMuntaqa , Vol. 1, No. 3 (December 2018).

Sabbah and Berg , S.R. Goldstein- H.L. Murre- van den, Modernity, Minority, and the Public Sphere Jews and Christians in the Middle East , Leiden: Brill, 2016.

Bryan R. Gibson , Sold Out? US Foreign Policy, Iraq, the Kurds, and the Cold War , First published PALGRAVE MACMILLAN , new York , 2015.

Lambert , Peter J., THE UNITED STATES AND THE KURDS: CASE STUDIES IN UNITED STATES ENGAGMENT , MASTER OF ARTS IN NATIONAL SECURITY AFFAIRS , NAVAL POSTGRADUATE SCHOOL , 1997.

Indra , Sinha , Chemicals for War and Chemicals for Peace: Poison Gas in Bhopal, India, and Halabja, Kurdistan, Iraq , Social Justice/Global Options , Social Justice ,Vol. 41, No. ½ (135-136), Special Issue: Bhopal and After: The Chemical Industry as Toxic Capitalism ,(2014).



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(1).Paper1**